# نموونەی پرسیار

بابەت : رستەسازی – قۆناغی سێیەم

1–مەبەست چیە لە رستەسازی ؟ گرنگترین لقەکانی چین ؟

2– رستە چۆن پێناسە دەکرێت؟ گونجاوترین پێناسەی رستە بە بۆچوونی تۆ کامەیە بنوسە.

2– پەیوەندی رستەسازی چیە بە ئاستی وشەسازی روونیبکەوە.

3– بچوکترین یەکەی ئاستی رستەسازی چیە ؟ پێناسەی بکە.

4– مەبەست چیە لە (گرێ) ؟

5–گرنگترین تایبەتیەکانی گرێ چین ؟ باسیان بکە.

6– لە رستەی ( ئەوان هەموو هاتوون) ، (ئەوان) چ جۆرە گرێیەکە؟

7– جیاوازی چیە لە نێوان گرێ و وشەی لێکدراو؟

8– گرێی ناوی لە زمانی کوردیدا چەند جۆرە ؟ بە نموونە باسی بکە.

9– رستەی ( پیاوە پیرەکە ماڵەکەی جێهێشت) بە رێگەی هێڵکاری درەختی شیبکەوە.

10– گرێی ئاوەڵکاری چیە؟ پێناسەی بکە و بە نموونە روونی بکەوە.

11– ............. ئەو جۆر گرێیەیە کە تەنها لە کارێك پێك دێت.

12– گرێی کاری چەند جۆری هەیە؟ بە نموونەی پراکتیکی روونیبکەوە.

13– (ئەوان ئەنجامەکانیان وەرگرتەوە ) کاری ئەم رستەیە شیبکەوە.

14– یەکێك لە تایبەتیەکانی گرێی ناوی ئەوەیە کە سەرەی گرێیەکە دەبێت................ بێت

15–رستەی (نەسرین باخەکەی بە پەلە پاککردەوە) بە رێگای رەزئاسا شیبکەوە.

16– پێنج جیاوازی بنەرەتی بنوسە لە نێوان پارستە و شارستە .

17– پارستەی کاری دەکرێت بە چەند جۆر؟

18–( کە من چووم ، ژوورەکە پاکبوو.) پارستەی ئەم رستەیە چ جۆرێکە ؟

19– بە نموونە پارستەی دیارخەری بەرکاری راستەوخۆ روونبکەوە.

20– لە رستەی (نامەکەم لە ئەو وەرگرت ، کە هاورێی تۆیە) پارستەکە بگۆرە بۆ پارستەی دیارخەری بکەری.

21– رستە بە چەند رێگا شیدەکرێتەوە ؟ باسی بکە.

22–مەبەست چیە لە رێگای رەزئاسا ؟ بۆچی ئەم رێگایە فەرامۆش کرا؟

23– رستەی ( من ئەوانم بەسەرکردەوە) ، (ئەوان) ئەرکی چیە؟

24– (منداڵان و ژنان قوربانی جەنگەکانن) گرێی ناویەکە چ جۆرێکە؟

25– (لەترسان دەلەرزن) (لەترسان ) چ جۆرە گرێیەکە شیببکەوە.

26– کەرستە سەرەکیەکانی رستە چین؟

27– لە رستەی ( باوکەکان لە گۆرەپانەکە وەستابوون) (لە گۆرەپانەکە) ئەرکی چیە؟

28– (ئەوان کە شوفێری تۆن ، زوو رایانکرد) پارستەکە دیارییبکە چ جۆرێکە ؟ بۆچی؟

29– پارستەی دیارخەری بەرکاری راستەوخۆ چۆن لە پارستەی دیارخەری بکەری جیادەکرێتەوە؟

30– پارستەی دیارخەری کات و پارستەی نیاز بە نموونەوە روونبکەوە؟

31– لە رستەی ( مامۆستاکان لێرە دانیشتبوون) مامۆستاکان شیبکەوە.

32– مەبەست چیە لە دیارخەری پێشی سەرە؟ بە نمونەوە روونیبکەوە.

33–بەرکاری راستەوخۆ کەرسەیەکی سەرەکیە ؟ بۆچی؟

34– نیهاد کەرسەیەکی ............. لە رستەدا.

35– تەواوکار لەگەڵ چ جۆرە کارێك دەردەکەوێت لە رستەدا؟

36– جیاوازی چیە لە نێوان ئاوەڵگوزارە و بەرکاری ناراستەوخۆ؟

37– بەراوردی پارستەی ناوی و کاری بکە، بە نموونەی پراکتیکی.

38– ئامرازی (لەگەڵ) بەشداری دەکات لە دروستکردنی گرێی ناوی .......... (سادە ، ئاڵۆز ، لێکدراو)

39– لە رستەی (کتێبەکانیان هەڵگرتبوەوە ) ، (یان) ئەرکی چیە؟

40 رستەی ( من و تۆ لەگەڵ دایکم دەچین) بە رێگای کەوانەی لۆجیکی شیبکەوە.